دژتیرۆر دوو تۆمەتباری داواکراو دەستگیردەکات



هێزەکانی بەرەوەبەرایەتی گشتیی دژتیرۆر و هێزەکانی دژگای دژتیرۆری عێراق ئۆپراسیۆنێکیان لە سنوری چەمچەماڵ ئینجامدا و دو تۆمەتباری داواکراو دەستگیرکران. بەگوێرەی راگەیەندراوێکی بەرەوەبەرایەتی گشتیی دژتیرۆر، هێزەکانیان بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی دژگای دژتیرۆری عێراق ئۆپراسیۆنێکیان لە سنوری چەمچەماڵ ئینجامدا، لێو ئۆپراسیۆنە هاوبەشەدا، توانرا دوو تۆمەتباری داواکراو بەناوەکانی (ح.ا.ع) لە دایکبووی 2002 – موسڵ و (خ. پ.ش) لەدایکبوی 1996 – موسڵ دەستگیربکرێن.

ئاماژەی بەوەشکردوە، ئەو دوو تۆمەتبارە بە مادەی 4ـی تیرۆر لەلایەن دادگاکانی عێراقەوە داواکرابون، دوای دەستگیرکردنیان ڕادەستی یاسا کران بۆ مەبەستی سزادانیان.